سەماحەتی حەکیم چاوی بە سەرکی پێشوو دکتەر بەرهەم ساڵح دەکەوێت و گرنگی سەقامگیری و ناوەندگیری و گفتوگۆی نیشتمانی دووپات دەکاتەوە



بەڕێز عەمار حەکیم سەرکی هاوپەیمانێتی هێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی چاوی بە فەخامەتی دکتەر بەرهەم ساڵح سەرکۆماری پێشوو کەوت و لەم دیدارە باس لە پێشهاتەکانی دەخی سیاسی عیراق و ناوچەکە و پەیوەندییەکانی بەغدا و هەرێمی کوردستان کرا لەگەڵ شایستە داهاتووکاندا.

سەماحەتی حەکیم دووپاتی کردەوە کە عیراق بە دەخێکی سەقامگیری تێپەڕ دەبێت کە پێشتر بەخێوەی نەبینیوە لەسەر ئاستی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ئەمنی و ئاماژەی کرد کە ئەو سەقامگیرییە بەرهەمی قوربانی دانی شەهیدانەو بە ماندووبوونی سەرکردەکان و سەرجەم پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان هانوەتەدی و پێویستە پارێزگاری لەم دەستکەوتە نیشتمانییە بکەین و هەوڵ بدەین بیکەین بە هەمیشەیی، ئاوڕێک دەبێت هەمووان لە ئەستۆی بگرن.

بەڕێزیان ڕوونیکردەوە کە ئەزموونی عێراق سەلماندوویەتی کە ناوەندگیری و هاوسەنگی باشترین و سەرکەوتووترین ڕێگایە بە پاراستنی بەرژەوەندی ولات، دووپاتیشی کردەوە کە عیراق ئێستا بووەتە یاریزانێکی کاریگەر لە کەیسەکاین ناوچەکە و لەم بارەش کاریگەرێ بە هەوڵستی سیاسی و میدیایی و مرۆیی هاوسەنگ کە پێگەی پێشکەوتووی دەرخستوە.

.سەماحەتی حەکیم داواشی کرد بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوو فراوان بێت و دووپاتی کردەوە کە ئە شایستەیە هەڵکی گرنگ بە ئاوەی سەقامگیری سیاسی بچەسپێت و پێویستە کابەری کردنیش لەسەر بنەمای پڕۆگرامی باش و خزمەتگوزاری بێت، نەك لەسەر شکاندنی یەکتر و بەکارهێنانی پارەوبەرتیل بە کاری سیاسی.

لەکۆتاییدا سەماحەتی جەختی کردەوە لەسەر چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسەردراوەکانی نێوان حکومەتی ناوەندی و حکومەتی هەرێم و داوای کرد دەستبگرن بە هاوکێشەی یەکسانکردنی ماف و ئەرکەکان و پێشکێش کردنی تێنازولات لەپێناو بەرژەوەندییە بالاکانی وڵات، تا ئاوێش ببێتە هۆی ئاوەی دەوڵەت بەهێز بکات و یەکگرتووی بەهێزتر بکات.